# رۆژئاوا و ئەندازیاری نوێی ناوچەیی؛ کۆتایی گەمە گەورەکەی شام؟

30-01-2026

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : هەم ئاگربەست هەمیش سازانی نێوان"هەسەدە" و "حکومەتی سووریا" لەرزۆکە و لە کاتێکدا کەمتر لە ١٠ رۆژ ماوە بۆ کۆتایی ئاگربەستی هەردوولا، گۆڕانکاریی مەیدانی، هەروەها دۆخی سیاسی- سەربازی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێکەوە ئەو دۆخە بەرەو وەرچەرخانێکی زیاتر دەبەن. لە وێنەیەکی گەورەتردا دەردەکەوێت کە پرسی رۆژئاوا تەنیا "کێشەیەکی ناوخۆیی سووریا" نییە و دۆخی ئەوی، لە دوتوێی ململانێکانی ناوچەکەدا هەر لە ئێستاوە وەرچەرخانی گرنگی دروست کردووە.

هـەم ئاگربەسـت هەمیش سـازانی نێوان"هەسـەدە" و "حکـومەتی سووریـا" لەرزۆکـە و لـە کاتێکـدا کـەمتر لـە ١٠ ڕۆژ مـاوە بـۆ کۆتـایی ئاگربەستی هەردوولا، گۆڕانکاریی مەیدانی، هەروەها دۆخی سیاسی- سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێکەوە ئەو دۆخە بەرەو وەرچەرخانێکی زیاتر دەبەن. لە وێنەیەکی گەورەتردا دەردەکەوێت کە پرسی ڕۆژئاوا تەنیا "کێشەیەکی ناوخۆیی سووریا" نییە و دۆخی ئەویش، لە دوتوێی ململانێکانی ناوچەکەدا هەر لە ئێستاوە وەرچەرخانی گرنگی دروست کردووە.

دوابـەدوای بەیاننـامەیەکی هـاوبەشی ئەمریکـا، فەرەنسـا، بەریتانیـا و ئەڵمانیـا سـەبارەت بـە پێویسـتی ڕاگرتنـی گرژییەکـان و هەمیشەییکردنی ئاگربەست، ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی مانگ کۆبوونەوەیەکی دیکە لە نێوان مەزڵوم عەبدی، ئیلهام ئەحمەد لەگەڵ ئەسعەد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا لە کەشێکی "ئەرێنی"دا بەڕێوەچووە. واچاوەڕواندەکرێت کە لە ماوەی ٢٤ کاژێری داهاتوودا جارێکی دیکە کۆببووببنەوە ئەگەر گۆرانکارییەک ڕوونەدات. پێدەچێ هەردوولا بەهۆی ئەزموونی ڕێککەوتنەکانی پێشوو (١٠ای ئاداری ٢٠٢٥ و ١٨ای مانگی ای ئەمساڵ) متمانەیان بە بەڵێنی یەک نەمابێ، بۆیە خۆیان لە ڕاگەیاندنی فەرمی بەدوور گرتووە تا ئەو کاتەی هەنگاوی کرداری لە یەک دەبینن. بەڵام  بە گشتی دووبارە باسی چۆنیەتی تێکەڵکردنەوەی هەسەدە بە سوپای سووریا مژارێکی ناکۆکییە. مۆدێلی خوازراوی لای سووریا  ئەوەیە کە ئەو بەشێکی هێزانە ببنە پۆلیس یان ئاسایشی ناوخۆ و باقییەکەشی وەک تاک بچنە ناو سوپا. مۆدێلی خوازراوی لایەنی کوردیش زیاتر بەلای ئەوەدا دەڕوات کە بێجگە لە ئاسایشی ناوخۆ چەند لیوایەک لە چوارچێوەی هێزێکی دژە تیرۆردا بمێنێتەوە. هەروەها باسەکان لەسەر دابەشکردنی داهات، پرسی پەروەردە و گەرەنتی دەستووری بۆ زمانی کوردی کە ئایا وەک زمانێکی نیشتمانی بێت یان ڕەسمی، لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆسیەی ئەندامانی پەکەکە لە ڕۆژئاوا لەسەر مێزن کە پێدەچێ بەرەوپێشچوونێک لە ئارادا بێت بەو پێیەی کە زۆربەی لایەنەکان سەرەڕای بەردەوامیی پێشێلکاری ئاگربەست باس لە کەشی ئەرێنیی دانوستاندن دەکەن! بە پێی ڕێککەوتنی ١٨ای مانگی یەکی ئەمساڵ، کورد پۆستی پارێزگاری حەسەکە و جێگری وەزیری بەرگری  وەردەگرێت بەڵام ئێستا زانیاری هەیە کە باس لە پێدانی پۆستی"جێگری وەزیری دەرەوە" یان پۆستێکی باڵا لە وەزارەتی دەرەوش کراوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لە پێشچاوبێت کە لە سووریای ئێستادا ڕێککەوتنەکان زوو زوو دەکرێت و زوو زووش هەڵدەوشێنەوە بۆیە ناکرێ بە ڕەهایی سەیری ئەوانە بکرێن.

## سیناریۆ سەربازییەکان لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن

ئەگەر دانوستاندنەکان ئەنجامیان نەبێت، خوێندنەوەی دۆخی مەیدانی ئەمانەمان پیشاندەدات:

**یەکەم**: پێشبینی دەکرێت سوپای سووریا گەمارۆی سەر کۆبانێ توندتر بکات. هاوکات لە میحوەرەکانی "گرزەرۆ" و "چل ئاغا"وە لە ڕۆژهەڵاتی حەسەکە، هەوڵی پێشڕەوی بەرەو سنوورەکانی باکوور بدات. لەوانەیە ئامانجی ئەم جوڵەیە دابڕینی پەیوەندیی جوگرافیی نێوان شارەکانی قامیشلۆ و دێرک بێت.

**دووەم:** بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم دۆخە، ئەگەری هەیە سوپای سووریا سوود لە گەمارۆدان یان جوڵاندنی دانیشتوانە عەرەبەکانی ئەو نـاوچەیە وەربگرێـت. ئەوەشـمـان لەبەرچـاو بێـت کـە بەشێـک لـە پێشڕەوییەکـانی سوپـا لـە دوای ١٧ی مـانگەوە لـە ڕۆژهەڵـاتی فـوڕات، دەرەنجامی گۆڕانی هەڵوێستی هێزەکانی "سەنادید" (پێکهاتەی عەرەبی - خێڵەکی) بووە لەناو هەسەدەدا، نەک بردنەوەی شەڕ بەهۆی پێکدادانەوە.

**سـێیەم:** ئـەم هێڵـە سـنوورییە بەهـۆی هاوسـنووربوونی لەگـەڵ هـەرێمی کوردسـتان، شادەمـارێکی سـەرەکییە بـۆ هەسـەدە، چ بـۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە، چ بۆ بەکارهێنانی وەکوو کۆریدۆرێکی مرۆیی؛ بۆیە لەدەستدانی ئەو هێڵە کاریگەریی لەسەر توانای بەرگرییان دەبێت. هەڵبەت ڕەنگە جیاوازیی پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئەم ناوچەیە بەراورد بە ڕەققە و دێرەزوور، فاکتەرێک بێت کە یارمەتیدەری هەسەدە بێت بۆ بەرگرییەکی درێژخایەنتر.

**چوارەم:** هەرچەندە موراد قەرەیلان، یەکێك لە سەرکردەکانی پەکەکە، ئاماژەی بە ئەگەری پەنابردن بۆ "شەڕی تونێل" کردووە، بەڵام ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ ئەزموونی حەماس و غەززە، پرسیار لەسەر کاریگەریی ئەم تاکتیکە لە ڕۆژئاوا دروست دەبێت. هۆکارەکەشی بۆ سروشتی جوگرافیی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە قوڵایی ستراتیژیی کەمە و لە هەندێک شوێن پانتاییەکەی تەنیا ٢٠ بۆ ٢٥ کیلۆمەترە.

# ئەمریکا و ئەندازیاریی ئەمنی نوێی ناوچەیی

لە راستیدا هەم شەڕ، هەمیش ئەگەری رێککەوتنی سووریا/ رۆژئاوا دابڕاو نییە لە وێنە گەورەکەی ئەندازیاریی نوێی ئەمنیی ناوچەیی کە ئەمریکا سوکانەکەی گرتۆتە دەست. ئەوەش: لاوازکردنی میحوەری شیعی لەڕێگەی دروستکردنی هیلالێکی سوننی - کە تێیدا سوننەی جیهادی و حەنەفی کاریگەرترە- لە ئەفغانستانەوە تا سووریا .بەهێزکردنەوەی رۆڵی تورکیا و قەتەر وەک یاریکەری ناوچەیی و پاراستنی باڵادەستی ئیسرائیلی تێدایە کە ئەمەش دواجار خزمەتی سنووردارکردنی پەلکێشانی زیاتری چین و رووسیا دەکات.

جائەگەر بپرسین کە چۆن دۆخی ئیستای سووریا پەیوەندی بەمەوە هەیە، دەشێ بێژین کە لە روانگەی ترەمپەوە ئەوەی رووداوی هەوڵی ئەحمەد شەرعە بۆ دابینکردنی سەقامگیری" ئەمەش بەمجۆرە خزمەتی سیاسەتەکانی دەکات:

**یەکەم** :دەتوانێت دوای ماوەیەک هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە کە لە ٢٠١٩ وە لە بیریدایە.

**دووەم:** هەبوونی دەسەڵاتێکی تۆکمەی شەرع لە سووریا وادەکات کە سازانێکی ئیسرائیلی- عەرەبی کە رێککەوتنێکی سنووری لە نێوان لوبنان- ئیسرائیل هەروەها سووریا- ئیسرائیلی تێدا بێت ئاسانتر بکات. ترەمپ ئەندازیاری هاوپەیمانییەکی عەرەبی-ئیسرائیلییە لە رێی رێککەوتنی ئابراهام و رەنگە خوازیاری سازانێکی تورکی-ئیسرائیلیش بێت. لەم هاوکێشەیەدا، دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە هەسەدە کە تۆم باراک بە فەرمی رایگەیاند، یەکێک لەو"ئیمتیاز"انە بوو کە ساڵانێکە ئەنقەرە داوای دەکرد، لەوانەیە بەشداریی تورکیاش لە "بۆردی ئاشتی"ییەکی ترەمپ لە غەززە چرایەکی سەوزی ئەنوەرە بێت بۆ ئەگەری سازانەوەی لەگەڵ ئیسرائیل تەنانەت ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت.

**سێیەم:** هەبوونی کۆنترۆڵی شەرع بەسەر سنوورەکان لەگەڵ عێراق وادەکات کە پرۆژەی دانانی بەربەستی گەورە بۆ نفوزی ناوچەیی ئێران فراوانتر بێت. رەنگە ئەمریکا وابیربکاتەوە کە بە نەمانی هێزەکانی لەوێ، هەسەدە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی روو لە هاوپەیمانی لە گرووپە شیعییەکانی عێراق و ئێران دەکات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. لەماوەی شەڕی ناوخۆیی سووریا، سەرەڕای گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و رووسیا، هەسەدە لینکێکی لەگەڵ لایەن دژەبەرەکاندا بە کراوەیی هێشتەوە و دژی ئیران و گرووپە شیعییەکان و تەنانەت رووسیاش نەجوڵایەوە لەکاتێکدا کە هاوشانی ئەمریکاش دەجوڵایەوە. ئەزموونی هەسەدە دەریخست کە لێرە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گەمەی هێزە گەورەکاندا" بێلایەنی" کارێکی ئاسان نییە هەرچەند کە لایەنداربوونیش باجی خۆی هەیە.

## ئێران و عێراق

بۆ ئێران و سیاسەتی شیعی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێکدادانەکانی ئەمدواییەی سووریا بەشێکە لە سیاسەتی تەوقدانی ئەوان لەلایەن تورکیا، وڵاتانی سووننە و ئەمریکا کەلەگەڵ سیاسەتی ترەمپ بۆ "دێتەرانس" و جڵەوکردنی ئێراندا یەکدەگرێتەوە. هاتنی سوپای سووریا بەهێزێکی زیاترەوە بۆ سنوورەکانی عێراق ترسێکی مێژوویی لە شەقامی شیعیدا زیندووکردۆتەوە کە لە گوتاری"هاتنی سوپای ئەمەوی"دا رەنگی داوەتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەک کە نەکا شەرع لە درێژخایاندا چاوی لە سێگۆشەی سوننەی عێراق و بەغداش بێت. سیاسەتی شیعی لە ناوچەکەدا ئێستا هەست بە گەمارۆیەکی سوننی دەکات کە لە ئەفغانستانەوە دەستپێدەکات بە کەنداودا دەروات لە سووریاوە بۆ تورکیا درێژ دەبێتەوە کە تێیدا دوو کۆنە جیهادی - سوننەی حەنەفی (تالیبان و ئەلشەرع) ئەمسەر و ئەوسەریان لێ گرتووە. کۆتاییهێنانی هاوپەیمانی ئەمریکا لەگەڵ هەسەدەش و رێخۆشکردنی بۆ سەقامگیرکردنەی دەسەڵاتی شەرع هاوشێوەی ئەوەی لە ئەفغانستان روویدا لە ئەڵقەیەکی دیەکی تەوقدانی ئێران و گرووپەکانی نزیک لەو لە عێراق دەچێت. رەنگە هەر ئەوش وایکردبێ کە چوارچێوەی هاوئاهەنگی وەک کاردانەوەیەک بۆ رووداوەکانی ئێستا نوری مالکی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاندید بکات، هەرچەند کە دیار نییە کە دوای قسەکانی ترەمپ دەمێنێتەوە یان نا. کاتی خۆی رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا گوتبووی مالکی کرا بە سەرۆکوەزیر لەبەرئەوەی کە "پێگەی لاوازبوو"، بەڵام دواتر لادرا لەبەر ئەوەی کە بەهێزبوو. پێدەچێ هەر ئەمەش هۆکاری دژایەتی ئیستای ترەمپ بێت بۆ گەڕانەوەی مالکی؛ واتا جاران لاوازییەکی مالکی خاڵە بەهێزەکەی بوو بەڵام ئێستا بەهێزبوونی خاڵە لاوازەکەیەتی بۆ ئەمریکا!

بۆ عێراق دۆخی ئێستای رۆژئاوا پرسی داعشی دووبارە زیندووکردۆتەوە. عێراق بە پاساوی ئەوەی کە داعشییەکان لە کۆنترۆڵێ خۆیدا بـهێڵێتەوە، هەروەها کارتێک بۆ دانوستاندنی زیاترلەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دەستی خۆیدا بهیڵێتەوە، رازی بوو کە زیندانینیەکانی داعش بگرێتە خۆی. وا مەزەندە دەکرێت کە تا بەر لە دوایین پێکدادانەکان، لە نێو ٦ زینداندا لە سووریا و رۆژئاو، ٥٠٠٠ هەزار گیراوی داعشی کە خەڵکی عێراقن لەگەڵ دەوری ٥٠٠٠ داعشی سووری و ٢٠٠٠ی بیانیش دەستبەسەرین. رەنگە عێراق بە وەرگرتنی عێراقی و

بیانییەکان رازی بوو‌بێت بەڵام ئەم ترسێکیشی دروست کردووە کە ئەگەر لە شەڕێکی گریمانییەدا لە نێوان ئێران و ئیسرائیل یان ئیران و ئەمریکا، نەتواندرا ئاسایشی ئەو زیندانانە بپارێزێن ئەوسا چی رووده‌دات. رەنگە ئامانجێکی ئەمریکاش هەر ئەوە بووبێت کە بە بەردێک دوو چۆلەکە بپێکێ: لە قۆناخی دوای "هەسەدە"دا، لەلایەک ناچارنەبێت داعشییەکان لە دەستی سووریایەکدا بهێڵێتەو کە گۆمانی هەم لە نییەت و هەمیش لە توانا حکومەتەکەیدا سەبارەت بە کۆنە جیهادییەکان هەیە. لێرە هەمموو شت رەش یان سپی نییە دەکرێ ترەمپ و شەرع لە گەلێک مژاردا کۆک بن بەڵام بێشک خاڵی جیاوازیشیان هەیە. لە لایەکی دیکەش بە هەبوونی دەوری ٧٠٠٠ زیندانیی داعش، بەهێزبوونەوەی سیاسەتی سوونی و هاتنی شەرع بۆ سنوورەکان و گوشاری سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری ئەمریکا، حکومەت لە بەغدا ناچاربکات کە دووجار بیر بکاتەوە بەرلەوەی کە هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی گرژییەکان لەگەڵ ئێران هەبێت.

## تورکیا و دۆخی رۆژئاوا

بۆ تورکیا، شەڕ ریگەی کردەوە بۆ ئەوەی کە زۆریک لەو شتانەی کە دەیویست مسۆگەر بێت؛ ئیدارەی خۆسەر و هەسەدە بە پێی پێناسەی جوگرافی و پێکهاتەیی کاتی دامەزراندنی خۆیان نەماون. کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری سنوورەکان و سەرچاوەکانی نەوت و ئاو لەگەڵ رەققە و دێرەزۆر درایە حکومەتی سووریا و زیندانییەکانی داعشیش دەرێنە عێراق. بەوەش هەسەدە لەوە دەرچوو کە لە روانگەی تورکیاوە وەک "هەڕەشەیەکی ستراتیژی" سەیر بکرێت. بەڵام لە هەمانکاتدا شەپۆلێکی نەتەوەگەرایی کوردی دروست کرد کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئەنقەرە دەیەوێ لە رێی ئۆجەلان و پرۆسەی چەکدانانی پەکەکەوە نەهێڵی گەورە بێت. ئەم شەڕە گڕوتینێکی دەگمەنی بە رەوتی ناسیۆنالیستی کوردی دایەوە و چینێکی دیکەی خستە سەر هەستی" ستەمی مێژوویی" لای کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە سەرکەوتنی سەربازییانەی دیمەشق یان هەر دەوڵەتێکی داناپۆشرێت. بە ئەگەری زۆر ئەمەش مژارێکە کە ئێستا دەوڵەتانی ناوچەکەش چاودێریی دەکەن. رەنگە ئەوەش پاڵنەرێکی ئەو هەوڵانە بێت کە حکومەتی ئێستای سووریا دەیدات بۆ دڵنیاکردنەوەی کورد لەوەی کە "مافەکانیان پارێزراو دەبێت".

## وەرچەرخانی سیاسەتی کوردی

ئەم دۆخەی رۆژئاوا وەرچەرخانێکی لە سیاسەتی نێوخۆیی کوردیشدا دروست کرد بەوەی کە جارێکی دیکە "بارزانی" وەک ناوەندی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرکەوتەوە، ئەمەش رەنگە لەگەڵ روانگەی ئۆجەلاندا ناتەبا بێت کە لە دیدارەکەیدا لەگەڵ وەفدی پەرلەمانی تورکیا، گوتوویەتی دەوڵەت باخچەلی بۆ نەتەوەگەرایی تورکی چی بێت منیش لە نێو کوردەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئەوم. ئۆجەلان لەو دیدارەدا پرسی کوردی بە ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بەستۆتەوە لە کاتێکدا پرسی کورد بەرلە دامەزراندنی ئیسرائیلیش لەم ناوچەیدا هەبووە.

پێشنیارەکەی ئۆجەلان بۆ سازانی هەسەدە و حکومەتی سووریا شتێکی واقیعییە بەگوێرەی دۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان - هەرچەند کە پێشتر دەرفەتی زیاتر هەبوو- کە باس لە وەگۆڕانی هێزەکانی هەسەد بۆ ئاسایشی ناوخۆ، دابەشکردنی داهات و جۆرێک لامەرکەزی ئیداری دەکات، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئێستا وایانکردووە کە هەرجۆرە رێککەوتنێکی سیاسی سەبارەت بە داهاتووی رۆژئاوای کوردستان، لایەنی دیکەی دەرەوی ئەو وحیزبەکەشی لە پرسی کورددا لە رۆژئاوا خاوەن قسە بێت.

کرۆکی "وەرچەرخانە ئایدۆلۆژییەکەی" ئۆجەلان کە لە تێزی "برایەتی گەلان" و داوانەکردنی هیچ چارەسەرێک لە سەر بنەمای کۆنترۆڵی خاک راوەستاوە و تووشی تەگەرە بووە. ئەو ئایدیایەی کە پێیوابوو دەتوانێت تەنیا بە رەگەزە ئایدۆلۆژییەکانەوە، یەک لەسەر سێی خاکی سووریا کۆنترۆڵ و پێکهاتە جیاوازەکان پێکەوە بلکێنێت، لە ئەزموونی رۆژئاوادا سەری نەگرت. بێجگە لەوەش، هێشتا ئەوە مەتەڵێکی گەورەیە کە چۆن بنەماکانی تێزی کۆماری دیموکراتی دەرفەت دەدات بۆ ئەوەی دوو دانە هێزی ناتەبای ئایدۆلۆژی کۆنە ئیسلامی-جیهادی و کۆنە مارکسی- لینینی پێکەوە هەڵبکەن.

بەدەرلە کاریگەری ئەم پرسە لەسەر دیوە ناوخۆییەکانی سایسەتی کوردی، دەتوانین بڵێین بە گشتی ئێستا کورد لە بەردەم دووڕێیانێکی مێژووییدایە کە ئەویش لە نێوان مانەوە لەسەر "باڵانسێکی لەرزۆک"ی یان خۆیەکلاکردنەوە لە نێوان بەرە دژبەیەکەکانی ناوچەکەدا دیت و دەڕوات. پرسیاری سەرەکی ئێستا ئیدی تەنیا داهاتووی کورد لە سووریا تێکەڵبوونەوەی هەسەدە بە سوپا نییە، بەڵکو ئەوەیە ئایا دۆخی کورد لە نێو بەرداشی "هیلالی سوننی" و "تەوقی شیعیی" و ئەندازیاریی نوێی ناوچەیدا بەرەو کوێ دەڕوات.